# گەرمیان ... ڕووداوێکی هاتووچۆ هەشت برینداری لێکەوتەوە

لەسەر ڕێگای کەلار خانەقین بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل هەشت کەس برینداربوون و ڕەوانەی نەخۆشخانە کران

بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان لە راگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە:-پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ (یەکشەمە) لەسەر ڕێگای کەلار خانەقین دوو ئۆتۆمبێلی جۆری (تۆیۆتا کۆرۆلا و بیئێم )پێکیاندادا، بەهۆیەوە شۆفێر و پێنج سەرنشینی ئۆتۆمبێلی جۆری بیئێم کە بەئاراستەی قەزای خانەقین ڕۆیشتووە برینداربوون، لەگەڵ برینداربوونی شۆفێری و سەرنشینێکی تۆیۆتا کۆرۆلا کە بەئاراستەی کەلارهاتوون.

سەرجەم بریندارەکان بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر گەیەنرانە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لەکەلار و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە لەلایەن تیمی هاتووچۆوە لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە دەستی پێکردووە.